حکومەتی هەرێمی کوردستان– عێراق
وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو
ب. گ. تــوێژینەوە و سەرچاوەکانی ئاو

# کرمی گەڵای هەنجیر



سەدرەدین نورەدین ئەبوبکر

هەولێر– سمتربریر

**هەر بابەتەی ئاوڕێک**

# کرمی گەڵای هەنجیر

**وەسفی، سووڕی ژیانی، زیانی، قەلاچۆکردنی**

**سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر**

**شارەزا**

**2013- هەولێر**

**نـــــاوی پەرتـــووک:** کرمی گەڵای هەنجیر.
**نـــــــووســـــــەر:** سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر- شارەزا
**پیتچن، هەڵەبڕ،نەخشەسازی:** نـــووسەر
**تــــــــــیراژ:**
**ژمـــــارەی ســـپاردن:**
**چـــــــاپخـــانەی:**
**نـــــــــرخی :**

## پێشەکی:

رووەکی هەنجیر، دار، یا دەوەنێکی گەلاوەریوی میوەیەکە، لە کۆنەوە لە کوردستاندا چێندراوە، لە گەلێک ناوچەی گردۆلکەیی و چیایي و دۆڵەکانی هەرێمدا وەک رووەکێکی سروشتی دەبیندرێت، لەزۆر ناوچاندا ( تەق تەق، شەقلاوە، خۆشناوەتی، ئاکرێ، ژەنگار ...) بە تەنیا لە باخچەی فراواندا دەچێندرێت، وێڕای چاندنی لەگەڵ رەزی دێمدا لە قەدپاڵەکاندا، لە باخچەی مالانی شار و شارۆچکەکانیش بە روونی دەبیندرێ، بەری هەنجیر لە هەرێمدا راستەوخۆ وەک میوە دەفرۆشرێت، دەخورێت یا دەکرێتە لەتکە و ئەستووکی وشککراوە و مرەبا.

کرمی گەلای هەنجیر مێروویێکی ئابوورییە، لەماوەی دەساڵی رابردوودا بە شێوەی نیمچە پەتا لە باخچەکانی شاری هەولێر و دەورەبەریدا تەشەنەی کردووە و خەریکە پتر بلاو دەبێتەوە (لە زۆر شوێنی دیکەشدا بیندراوە) زیانی زۆر دەگەیەنێت، کۆمۆکەی مێرووەکە هەندێک یا گشت گەلای دارەکان لرف دەکات و دار بەڕووتی دەهێلێتەوە، کە گەلاش نەما، بەر دەفەوتێت، دار لە هێز دەکەوێت یا دەمرێ.





# کرمی گەلای هەنجیر Fig Caterpillar

**ناوە زانستییەکەی :** *Ocnerogyia amanda*

مێرووەکە سەر بە هۆزی باڵ پەردەییەکانە(حرشفیه الاجنحه Lepidoptera ) و لە بنەماڵەی (خێزانی) پەروانەکانی (Lymantriidae) ە

**وەسفی مێرووەکە:**

**مێرووی تەواو:** رەنگی لەشی و باڵی پێشەوەی پەروانەکە بۆرە، باڵەکانی دواوەی مێیە زەردباون، نێرەکان بچووکتر و بزێوترن و رەنگی باڵی دواوە و کۆتایی سکیشیان نارنجییە. جۆری هەستیارەشاخی شانەییەکی دوولایەنە.



وێنەی ژمارە (1) پەروانەی نێرە و مێیەی مێرووی کرمی گەلای هەنجیر.

**گەرا:** (هێلکە) ڕەنگی زەردێکی کاییە و شێوەی خڕۆکەییەکی پانۆکەییە، تیرەکەی نزیکەی 1, 2 ملمە.




وێنەی ژمارە (2) گەرای مێرووەکە لەسەرگەلای هەنجیردا

**کرمۆکە:** ڕەنگی زەردێکی کاڵە، بە گەشەکردنی رووەو بۆرێکی تاریک دەچێت. جۆری بەشەکامی دەمی کرمۆکە کرتێنەرە، کە بە تەواوی گەشەبکات درێژییەکەی دەگاتە (4) سم. پەڵەی ڕەنگ قاوەیی و کوڵکی درێژ لەسەر لەشیدا هەیە.




وێنەی ژمارە (3) کرۆمۆکەی مێرووەکە لە سەر گەلای هەنجیر

**پیوپا:** لە سەرەتای گۆڕانی کرمۆکە بۆ پیوپا، ڕەنگەکەی سپییەکی زەردباوە، بەرەبەرە لەگەڵ تێپەڕینی کات ڕەنگەکەی تاریکتر دادەگەڕێت تاکو دەبێتە قاوەییەکی کاڵ. چەند داوە توکێک لە کۆتایی سکیدا هەیە. قەوارەی قۆزاغە و پێوپای مێیەکان لەهی نێرەکان گەورەترە.





وێنەی ژمارە (4) قۆزاغە و پێوپای مێرووەکە

**سووڕی ژیانی:** کرمۆکەی تەواو گەشەکردووی سڕبووی پایزە، زستان لە کون و کەلێنی دەوروبەر و ژێر گەڵای وەریوی رووەکی تووشبوودا بەسەر دەبات. لەنیوەی دووەمی ئادار و نیوەی یەکەمی نیساندا دەبێتە پێوپا،ئینجا مێرووی تەواو دەردەچێت، مێرووەکە بە شەو چالاکە و بە رۆژیش خۆی دەشارێتەوە ، نێرە و مێیەکەی نالەوەڕێن ( هیچ خۆراکێک ناخۆن). پەروانەکان بە درێژایی تەمەنیان لە ماوەی (5-12) رۆژ دا چەندین جار جووت دەبن و مێیەکان بەزۆری گەرا بە شێوەی کۆمەڵ کۆمەڵ پتر لە رووی ژێرەوەی گەڵادا، کەمتریش لە رووی بانەوە و لە سەر چڵ و لک و قەدی دارەکەیش بە شێوەی کۆمەڵ کۆمەڵ دادەنێ، ئینجا دەمرێت. تێکڕای ژمارەی گەراکانی هەر یەک مێیە نزیکەی ( 122-151)[2] گەرایە و تێکڕا لە هەر کۆمەڵەیەکیشدا ( 8-17) گەرا بەیەکەوە دادەنێت.



وێنەی ژمارە (5) جووتبوونی نێرە و مێیەی مێرووەکە

نێرەکان بە فۆڕمۆن کێش دەکرێن. گەراکان لە ماوەی (6-15) رۆژدا دەترووکێن و کرمۆکەیان لێ دەردەچێ.

کە کرمۆکەی ساوا دەلەوەڕێت گەڵا دەکرێنێت، بە تەواوی کونی ناکات، کە هەراش بوو گەڵاکان دەکرتێنێت کونکونیان دەکات و تەنها دەمارەکانیان دەهێڵێتەوە، وەک لە وێنەی ژمارە (7) دەردەکەوێت.

کرمۆکە بەری هەنجیر ناخوات. بە درێژایی تەمەنیشی کە تێکڕاکەی (7-19) رۆژە، (7) جار کاژەکەی دادەماڵێ.

لە دوایین قۆناغی تەمەنیشیدا شوێنێکی گونجاو (لەسەر دار و دیوار و کون و کەلەبەر و ژێرگەڵای وەریودا) بۆ بوونە پیوپای دەدۆزێتەوە، ماوەی (1-3) رۆژ لە

---

1 - نێرەکان بە رۆژیش تا ئاووهەوا گەرم دادێت دەبیندرێت لە دەورو بەری دارهەنجیرەکان بە دوای مێیەدا دەگەڕێن.

2 - زۆربەی ژمارەکان لە سەرچاوە عێراقییەکاندا، لەگەڵ ئەوانەی ئێمە کە لە تۆژینەوەکە دستمان کەوتووە تێکناکەنەوە، بەڵکو لە یەکیش دوورن، ئەوانەی خۆمانمان بە راستتر زانی و تۆمارمان کرد. لە کۆنفراسی سالانەی (2012) مێرووەکان لە کۆریای باشوور پیێشکەش کراەوە و لە گۆڤاری پاگستان ئەنتۆمۆرلۆجی لە 2012/12/22 بلاوکراوەتەوە



خواردن دەوەستێت. ئینجا قۆزاغەیەک دروست دەکات و لە نێویدا دەبێتە پێوپا، لە دوای (7-11) رۆژیش پێوپا دەبێتە مێرووی تەواو و دەردەچێ . سەر لەنوێ سووڕی ژیانی دەست پێ دەکاتەوە.

تاکو خۆراکی هەبێت و ژینگەکەی لەباربێت، مێرووەکە هەر چالاکە و ناچێتە قۆناغی سڕبوونەوە. لە ساڵێکدا شەش نەوەی (لە هەولێر) هەیە. نەوەکانیشی دەکەونەوە ناو یەکدی واتە پەروانە و گەراو کرمۆکە و پیوپا لە یەک کاتدا بەیەکەوە دەبیندرێن. وەک ئەوەی لە وێنەی ژمارە ( 6 و 7) دیارە.




وێنەی ژمارە (6) پەروانە و پێوپای کرمۆکە و گورای مێرووەکە لە هەمان کاتدا

**قۆناغی زیانبەخش:** کرمۆکە.      **خانەخـــــوێ:** هەنجیر.

## زیان و نیشانەکانی تووشبوون:

گەرا و کرمۆکە و پیوپای و پەروانەکەی بە چاوی ئاسایی لەسەر گەلاکان و لە دەوروبەریاندا دەبیندرێن، شوێنەواری خواردن لە گەڵادا دیارە، لە پێشدا کرمۆکەی ساوا گەلاکان دەکرێنن،کەگەورەبوون دەیکرتێنن و تەنیا دەمارەکانیان دهێڵنەوە.
بڕوانە وێنەی ژمارە (7).

گەر تووشبوون تەشەنەی کرد، ئەوا گەلای سەوز بە دارەوە نامێنێ لە ئەنجامدا دارەکان بێ هێز دەبن. کەتووشبوونەکە زۆربێت، بۆ ماوەیەکی درێژە چارەنەکرێ، ئەوا دارەکە لە هێزدەکەوێ و وشک دەبێ.



وێنەی ژمارە (7) شوێنەواری لەوەڕانی کرمۆکە لە سەر گەلای هەنجیر



## قەلاچۆکردنی :

- کۆکردنەوەی گەڵا وەریوەکان لە پایزدا، بۆ ئەوەی نەبنە پەناگە بۆ کرمۆکەی سڕبوو.
- بەکارهێنانی تەڵەی فۆڕمۆنی.
- لە باخی بچووک و توشبوونی سەرەتاییدا، دەکرێت گەرا و کرمۆکە و پێوپاکان کۆبکرێنەوە و لەناو ببرێن.
- کە کرمۆکەکانی سەرەتای وەرزی نوێ، یا هەر کاتێک کرمۆکەی زۆر لەسەر گەلای دارەکە دەرکەوتن، هەر لە نیسانەوە تاکو تشرینی یەکەم، یەکێک لەم مێرووکوژانەی خوارەوە (جارێک یا پتر، بە پێی پێویست بەکار بێت) لەناودەبرێن:

سومسدین 20٪ بە رێژەی 4سم3 / گاڵۆنێک ئاو.

لۆرسبان 40.8٪ بە رێژەی 5 سم3/ گاڵۆنێک ئاو.

پۆلۆ 50 ٪ بە رێژەی 2,5 سم3/ گاڵۆنێک ئاو.

تریسەر، فاستاک، کاراتی، سۆمی ئەلفا ...تاد، بەپێی ڕێنمایي سەر دەفرەکانیان بەکاربێن.

کرمۆکەی ساوا ناسکترن و ئاسانتر بە مێرووکوژ دەکوژرێن.

وا چاکە هەر جارەی جۆرە مێرووکوژێک، لە وەرزی گەرماشدا ئەو بکوژانە بەکاربێن کە مێرووەکە و پندەکانی هەنجیر دەکوژن. نەک مێرووەکە بکوژن و پندەکان زۆرتر بکەن.

- لەسەرەتای دەرکەوتنی پەروانەکانی، بەر لە گەرادانانیان (کە لە هەولێردا لە دەوروبەری ناوەراستی مانگی گولانە)، هەمان مێرووکوژە ناوبراوەکانی بەناوە بەکار ببرێن.

## فەرهەنگۆک:

| کوردی | عربي |
|---|---|
| باڵپوولەکەیی | حرشفية الاجنحة |
| پند: وردە جاڵداڵۆکەن، ئاوگی رووەک دومژن | الحلم |
| دەرد، ئێش، نەخۆشی | آفة |
| مژاد، مادە | المادة |
| مێرووکوژ | مبيد حشري، قاتل الحشرات |
| نەوە، وەچە | جيل |
| هۆز | رتبة |



## سەرچاوەکان:


1 - ئەبوبەکر، سەدرەدین نورەدین (2003) دەرد و نەخۆشییەکانی رووەک. رێکخراوی فاو، چاپخانەی کشتوکاڵ- هەولێر.

2 - العزاوي، د. عبدالله فليح (1980) علم الحشرات العام والتطبيقي، مؤسسة المعاهد الفنية. بغداد.

3 - جرجيس، د. سالم جميل و محمد، د. محمد عبدالكريم (1992) حشرات البساتين، جامعه الموصل.

4 - وەند د. خالص علي و،سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر، رقيه تۆفیق دیار عبدالكريم. تۆژینەوەیەک دەربارەی سووڕی ژیانی گەلای هەنجیر - بەڕێوەبەرایەتی تۆژژینەوەی کشتوکاڵ لە عەنکاوە و لە هەولێر. لە سالانی (2010-2011)